# مەلا حەمەدەمین حوتان (ئەمین)

مەلا حەمەدەمین حوتان لە ساڵی 1884 لە شەقڵاوە لە دایك بووە. بە منداڵییەوە چۆتە قوتابخانەی دینی و بۆ ماوەی ساڵێك بۆتە مەلای مزگەوتی حاجی برایم، دوای ئەوە بۆتە چاودێر لە شەقامی هاملتۆن و دوای ئەوە دوكانێكی داناوە و لەگەڵ باوكی خەریكی پەیداكردنی بژێوی ژیان بووە.

مەلا حوتان مرۆڤێكی چالاك بووە بۆیە لە ساڵی 1932 هەڵئەستێ بە ئیمزا كۆكردنەوە لە دژی گەندەڵی و كەموكوڕییەكانی دەسەڵاتی ئەوسا و خەڵك كۆئەكاتەوە و دژی میرەكان و بەڕێوەبەری ناحیە، مۆریان پێ ئەكات.

لە ساڵی 1955- 1956 بووە پێشەوا بۆ كردنەوەی قوتابخانەی ناوەندی لە شەقڵاوە. كە ئەكرێتەوە دوای ساڵێك دوای مانگرتنی ( گەنم ) كە خەڵك كردبوویان لە دژی عەلافەكانی هەولێر ، ئەو كات بە تۆمەتی ئەوەی كە شوعییەكان قوتابییەكان هان ئەدەن بۆ مانگرتن بە تەلەفۆنێك لەگەڵ وەزیر مەعارفی ئەوسا قوتابخانەكە دائەخرێ.

لە ساڵی 1961 لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلول مەلا حوتان و خەڵكی دیكە ئەگیرێن و بۆ ماوەی سێ ساڵ و نیو لە بەندیخانەی نوگرە سەلمان بە تۆمەتی یارمەتیدانی پێشمەرگە زیندانی ئەكرێت.

مەلا حەمەدەمین روحی كوردایەتی و نیشتمانپەروەری وای لێكردبوو شعر بنووسێ. زمانزانێكی باش بووە و كوردی و عەرەبی و فارسی زانیووە. لە ساڵی 1974 هەر لە شەقڵاوە بۆ دواجار ماڵئاوایی كردووە.

مەلا حوتان شعری بۆ شەقڵاوە و خۆشەویستی و نیشتمان و سروشت و جوانی نووسیوە.ئەوەندەی من لە دەستنووسەكانی تێگەیشتم و بۆم خوێندرایەوە ئەم شعرانەی خوارەوە بوون.

هۆشەنگ شێخ موحەمەد